# ڕژێمی تیرۆریستی جمهوری ئیسلامیی ئێران خەڵکانی سڤیلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گوللەباران دەکات

بۆ هەموو کۆمەڵە و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهاندا.
جەماوەری خەڵکانی شەرافەتمەندی کوردستانی بریندار و لەتکراو لە هەر چوار پارچە داگیکراوەکەی کوردستاندا.
خۆشک و برایانی نەترسی ئازادیخواز لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات .

چەندین ساڵە ئاخوندەکانی جمهوری ئیسلامیی ئێران، چ بە نهێنی و چ بە ئاشکرا، دەستیان داوەتە گولەبارانکردن و لە سێدارەدانی خەڵکانی سڤیلی باشووری کوردستان، بۆ کپکردن و داپڵۆسینی دەنگی ڕەوای جەماوەری ئاشتیخواز و ئازادیخوازانەی ئەو دەڤەرە.
دەستی چەپەڵ و کارە تیرۆریستانەکانی مەحمودی ئەحمەدی نەجادی ڕژێمە گەندەڵ و بوودەڵەکەی جمهوری ترۆریستی ئیسلامیی ئێران، کە تاوەکوو ئێستاش لە لوتکەی دەسەڵاتی ئاخوندەکانی ئێرانە، هەر وەکوو گورگی برسی، بۆ چاوترساندنی کوردی ڕۆژهەڵات، بە سیاسەتی ئاگر و ئاسن وەڵامی ئەو میللەتە دەدەنەوە.
دەنگی مەزڵوومییەت و نارەزاییدەربڕین بەرامبەر بەو کار و کردەوە چەپەڵانە و ئەو هەموو زوڵم و داپڵۆسین و سەرکوتکردنەی ڕژێمی تیرۆریستی ئێران، گەیشتە هەموو شار و دێ و ماڵێک . دوکەڵی ئەو ئاگرە هەموو شارەکانی ماکۆ، مەهاباد، سەردەشت، سەڵماس، خانە، بازرگان، سەقز، مەریوان، پۆلدەشتی داگرت. بۆیە سەدای زەنگی ڕاپەڕین و بانگی ئازادی لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەنگی دایەوە، هەر بە هەمان ڕەفتار و شێوەی پێشوویان، بە زیاتر گوللەبارانکردنی خەڵکانی سڤیل لە لایەن پیاوکوژەکانی ڕەفسەنجانی و خەلخالی و خامنەیی و ئەحمەدی نەجادی بکوژی شەهید دکتۆر قاسملووی نەمر، دڕندانەتر لە جاران درایەوە. تاوەکوو ئێستاش بە دەیان شەهید و بە سەدان بریندار و بە هەزاران ژن و پیاو ڕەوانەی زیندانەکانی ئەو ڕژێمە داپڵۆسێنەرەی خومەینی کراوە، تەنانەت ماڵ بە ماڵ بە دووی بریندارانیدا دەگەڕێن، بەو برینداریيەشەوە بەبێ جیاوازی لە نێوان ژن و پیاو، پیر و منداڵ، ڕاپێچی زیندانەکان دەکرێن.
ئەوەی جێی نیگەرانی و سەرسوڕمانە، مخابن تاوەکو ئێستا حکومەت و سەرانی کوردی باشوور، هیچ هەڵوێستێکی فەرمییان بەرامبەر بەو هەموو جنایەتانەی جمهوری ئیسلامیی ئێران و تاوانەکانی مەحمودی ئەحمەدی نەجاد نەبووە و خۆیانیان لە ئاستیدا بێدەنگ کردووە.

ئێمه لەم کەمپینەوە ( کەمپینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمالی سەید قادر ) . بانگەواز لە کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکانی پاراستی مافی مرۆڤی سڤیل و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکانی دیکەی وەکوو ئەمنیستی ئینتەرناشنال و خاچی سووری نێو دەوڵەتی دەکەین، کە بە هانای ئەو خەڵکە لێقەوماوەوە بچن و دەستی یارمەتێش بۆ برینداره‌کانی نێو زیندانەکان درێژ بکەن. هیوادارین کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ هاودەنگ لەگەڵ هەموو ئازادیخوازانی دونیادا، دەربڕینی دەنگی ناڕەزایی خۆیان بخەنە پاڵ دەنگی کوردی سڤیلی ژێر دەستی ڕژێمی جنایەتەکاری جمهووری ئیسلامیی ئێران. ئەو جنایەتەی سەر جەماوەری خەڵکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و ئەو جینۆساید و بێدادییەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستویەکەمدا، دەرحەق بەو میللەتە بێدەرەتانەی دەکرێ مەحکووم و شەرمەزار بکرێ .

ئێمەش لەم کەمپینەوە دەنگی ڕەوای خۆمان بەرز دەکەینەوە و بە یەک دەنگ هاوار دەکەین :

هەزار سلاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان.

سلاو لە گیانی هەڵوێستە نەبەردانەکەی کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

مردن و سەرشۆڕی بۆ ڕژێمی جنایەتکارانەی جمهوری ئیسلامیی ئێران.

نەسرەوتن تا سەرکەوتن.

ناوەندی ڕاگەیاندنی کەمپینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمالی سەید قادر .

کوردستان یونایتد _ پاڵتاک . 24 - 02 - 2006